# یاسای پاراستنی بێگانەکان و ئەو کارگەرانەی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە مرۆڤایەتی یەکان لە هەرێمی کوردستاندا کار دەکەن

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ٢٠**
**مێژووی بڕیار: ١/ ١٠/ ١٩٩٢ز**
**٩/ ڕەزبەر/ ٢٦٩٢ک**

## بڕیار

لەبەر بەرژەوەندی گەلی کوردستان وبەپێ ی برگە/ ١ی مادده/ ٥٦ی یاسای ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە/ ١ی ساڵی / ١٩٩٢ ئەنجوومەن لە دانشتنی ڕۆژی ٢٩/ ٩/ ١٩٩٢ئەم یاسایەی دەرکرد.

## یاسای ژمارە «٦»ی ساڵی ١٩٩٢
## یاسای پاراستنی بێگانەکان و ئەو کارگەرانەی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە مرۆڤایەتی یەکان لە هەرێمی کوردستاندا کار دەکەن.

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم دووگوزارشتە ئەم دوو واتایەی بەرامبەریانە.

١- بێگانە: هەر کەسێک کە بەشێوەیەکی ڕەوا دێتە ناو هەرێمی کوردستانەوەو جنسیەی عێراقی نییە و لەگەڵ ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە مرۆڤایەتییەکاندا کار دەکات.

٢- کارگەر: هەر کەسێک کە هاووڵاتیی هەرێمی کوردستانی عێراقە لەگەڵ ڕێکخراوەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان و ڕێکخراوە مرۆڤایەتییەکاندا کار دەکا کە لە هەرێمەکەدا لە کاردان و ڕەزامەندی لایەنە پەیوندارەکانی وەرگرتووە.

**ماددەی دووەم:**

أ-هەر کەسێک بەدەستی ئەنقەست بێگانەیەک بکوژێت یا کارگەرێک کە لەگەڵ ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە مرۆڤایەتییەکاندا کاردەکەن کە لەهەرێمی کوردستان دا لەکاردان، بەئیعدام کردن سزا دەدرێ.

ب-سەبارەت بەو حاڵەتانەی لە برگە(أ)ی ئەم یاسایەدا نەهاتووە، ئەو سزایانە

رەچاو دەکرێن کەلە حوکمەکانی یاسای سزادانی عێراقیی ژمارە(١١١)ی ساڵی/١٩٦٩وگۆڕینەکانیدا هەن.

**ماددەی سێ یەم:**

حوکمی بڕگە(أ)ی مادده «١»ی ئەم یاسایە بەسەر تاوانبارەکەدا جێ بەجێ ناکرێ،ئەگەر هاتوو تاوان لێکراوەکە دەستی لە رووداني تاوانەکەدا هەبوو.بەڵکو ئەو سزایانەی بەسەردا دەسەپێنرێ کە لە یاسا رەچاوکراوەکان دا هەن.

**ماددەی چوارەم:**

حوکمی ئەم یاسایە گشت ئەو مەسەلانە دەگرێتەوە کە یەکلا نەکراوەنەتەوە.

**ماددەی پێنجەم:**

کار بە هیچ دەقێک ناکرێ،پێچەوانەی حوکمی ئەم یاسایە بێ.

**ماددەی شەشەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی پەسەند کردن وبڵاوکردنەوەیەوە لە لایەن ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراقەوە، جێ بەجێ دەکرێ.

**ماددەی حەوتەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژنامەی رەسمی دا بڵاو دەکرێتەوە.

**جوهر نامق سالم**

**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق.**